# بۆكان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

[[ *ڕوونکردنەوە و داوا: زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.*]]

*وێڕای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(٨-٤)

نامەی مرادی بروارى13250226

وەزارەت هێز دێموکڕات کوردستان هێز ناوەندی

فەرماندەی بەرزی پۆلی 3 ی هێزی ناوەندی جەمهووریەتی کوردستان

لەئیجرای دەستووری 1294 بروارى 13250223 لەپێوەند روونووسی راپۆرتی مەسئولی پۆستی ناچیت کەلەمەوقعیەتی ناردنی .....پێشمەرگەبۆ دێیی قویلەر بۆ گاکڕین ئاگاداریەکی کەلەئاغای عەلیاغای قویلەر و شێخ عەلی ئاموزای شێخ بابا حاسڵ کراوەبۆ ئاگاداری پێشکەش دەکرێ . بەپێی ئاگاداری لەکوێخای ناچیت عەبدوڵا مەحموداغای ئێلخانیزادەهاتوتەسەقزی و موزاکەراتێکی دیکەلەمەوقعیەتی ژنڕال مایور جەنابی مەلا مستەفا تا ئێستەنەبوەلەبەین ئێلخانیزادەکان. عوسمانی کوڕی عەلیاغا حاڵی حازر مەعلووم نەبوەلەکوێیەو بەپێی دەستووری ژنەڕاڵ مایور جەنابی عومەرخان بەقەرارێکی ئەفواهی بیستراوەبرایمی عەلیاغا لەکانی رەش چۆتەزەمبیل و لەگەڵ عومەرخان ملاقاتیان بوەوەلی نەتیجەی ملاقاتی وان موعلووم نەبوەچیە؟

فەرماندەی هێزی بۆکان مرادی

روونووسی سەرەوەبۆ ئاگاداری فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا پێشکێش دەکرێ.

---

نامەی مستەفا خۆشناو

هێزی دێموکڕاتی کوردستان لکی بۆکان 13250229

بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان

زۆر گەورەم : ئێستا سەعات پێنج و نیوی عەرەبیە. هێزێکی دوژمن مقداری 100 نەفەر هەتا 150 نەفەرهاتەسەرگردی پشت مامەشەئەوەقوڵەو سەنگەر دروست دەکەن . دووریی لەپۆستی ئێمە400 ، 500 هەنگاوەئێمەئامادەینەبۆ ئەسیر کردنیان تەنها چاوەنوارێ ئەمری ئێوەین. قوڵەی ملەی تەپی ماڵان سەنگەریان تەواو کرد . زۆر بەگورجی خەبەرمان بدەیە. ئەگەر هاتوو لەوەزیاتر تەقەدوم بکەن ئێمەمەجبوورین لێیان بدەین.

فەرماندەی لکی 1 بارزان

---

نامەی مستەفا خۆشناو 13250229 هێزی دێموکڕاتی کوردستان لکی بۆکان .

بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان   مایور ژنراڵ

1. ئەوەدوژمن لەسەر قەڵای مامە شەقەڵا کۆنەکەئاوەدان دەکاتەوەنزیک 150 نەفەر ئیشی تێدا ئەکەن .

2. زۆر رەجا ئەکەم موساعەدەبفەرمووکەئەمشەو هەڵمەتێکیان بۆ ببەین یان ئەسیریان ئەکەین و یا خود هەڵدەقەنرێن لەجێگای ئەوان ئێمەسەنگەرەکان ئاوەدان ئەکەینەوە.

3. زۆر مەمنوون ئەبین حورییەتێک مان هەبێ بۆ ئیبداعی خۆمان بەهەموو دەمێک تەماشا کەر نەبین بەرامبەر دوژمن . ئیتر ئەمری گەورەیی تانە.

فەرماندەی لکی 1 بارزان     مەڵقەرەنی

---

نامەی حەمەرەشیدخان بۆ کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان   13250229

وەزارەتی هێزی دێموکڕاتی کوردستان    ستادی کول

بۆ کومیتەی مەرکەزی حزبی دێموکراتی کوردستان

مەوزووع: عەلی رەزاخانی ئەردەڵانیە

عەلی رەزاخان ئەردەڵانی مالکی دێی سونج مەنتەقەی سەقز کەلەم بەینەدا لەترسی مەزنوونیی عەجەمەکان لەسەقزا ئەقامەی ئەکرد لەرۆژی 13250227 فرسەتی رەچاو کردوەفەرارەن هەڵاتوەبۆ دێی مەرخوز . لەمەرخوز خۆی بەمەجیدی کورم معەرەفی کردوەو رۆژی 13250228 هاتەدێی سەرا لای من ئیسباتی وجوودی کرد و ئەمرۆکەمسادفی 13250229 ئەکات ئیجازەم دا کەبچێتەدێی سونج لەوێ ئەقامەت بکا . جا بۆ مەعلوومات و ئاگاداری بەمناسبم زانی کەهاتنەوەی ئاغای باسکراوتان بەعەرز بگەیەنم .

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

نامەی حەمەرەشیدخان (دائیرەی فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا) بروار 13250229

وەزارەتی هێزی دێموکڕاتی کوردستان       ستادی کول

بۆ سەرکردەی هێزی بانەی و فەیزولابەگی ، معاونی فەرماندەی بۆکان ومەنتەقەی  ئاغای ئەحمەدخانی فاررووقی، عەبدولابەگی سەرحەدی ، مەجیدخانی حەمەرەشیدخان

بەپێی تەقاریری 31 و 32 رۆژی 13250224 ی ئاغای مستەفا خۆشناو وا دەرئەکەوێ کەدوژمن لەجیهەتی ئای چی و مامەشاوەفکری تەقەدوم و حەملەی هەیە. پێویستەبەفەوری پۆستەکانی خۆتان زیاد بکەن و زۆر موقەیەد و ئامادەبن لەهەر لایەکەوەتەقەپەیدابوو معاوەنەتی ئەو لایەبکەن و تەقویەتی هێزی بارزانی بکەن و بەدایم ئیتسالتان لەگەڵ ئەم دائیرەیەقتع مەکەن.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

نامەی جەعفەر کەریمی بۆ حەمەڕەشیدخان    13250229

وەزارەت هیز کوردستان   ستادکول

فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و مەنتەقەی ژنراڵ مایور محەمەدرەشیدخان قادرزادە

لەسەر داوخوازی خۆیان ئەوەبرایانی بەرز آقایانی کاپیتان خانان و کاپیتان سەدیق ئەسعەدی کەلەلایەن وەزارەتی هێز بەهۆی ئەحکامی ژمارە282_13250228 و 283_13250228 بەدەرەجەی سەروەر مفتەخەر کراون عازم خزمەت بوون . لوتفەن بەگوێرەی وەزعیەت و مقامی و دەرەجەی خۆیان کاریان پێ ئیرجاع بفەرموون.

سەرۆکی تەواوی ستاد هێز کوردستان _ جەعفەر کەریمی

نامەی حەمەرەشیدخان بۆ پێشەوا قازی محەمەد 13250230

وەزارەتی هێزی دێموکراتی کوردستان _ ستادی کول

بۆ حەزرەتی پێشەوای بەرزی جەمهووریی کوردستان

مەوزووع : دڵپاکی حاجی گەنج عەلی خانە

ئاغای حاجی گەنج عەلی خانی فەیزوڵا بەگی زاتێکەموتەمەدن و موحتەرەم . موستەسنیەلەهەموو عەلاقاتێکی بەد نیهادی. هیچ شک نیەکەلەنەزەر پێشەوای مەحبووبیشمانا ئەم ئەخلاقیەتەنە شاراوەبوە. هەرچەند کەئاغای ناوبراو لەبەر سین و .... شەخسیەن نەیتوانیوەئیشتڕاکی جەبهەبکات بەڵام برازا و نۆکەر و تەعەلوقاتی هەتا حاڵ ئیشتراکی جەبهەیان کردوە. جا ئەوەئاغای موحتەرەموئیلەی بۆ مەحزی زیارەت تە شریفی هێنایەسابڵاغ . ئومێدم وایەکەلەلایەن پێشەوای بەرزمان بخرێتەبەر نەزەری عەتف، موقابیل بەنیهادی موحتەرەمانەی خۆی . ئیتر بژین بەخۆشی.

فەرماندەی هیزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا.

**درێژەی هەیە...**